www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 9:28 14-10-2006

## ڕێکار ئەحمەد وەک سەرۆکی بەرەی گۆڕان دیاری دەکرێ

ڕۆژی 11-10-2006 دەستەی کارگێڕی بەرەی گۆڕان لە یەکەمین کۆبوونەوەی ئاسایی خۆیدا کە دوای ڕاگەیاندنی دامەزراندی بەرەی گۆڕان پێکهات، ڕێکار ئەحمەدی وەک سەرۆکی بەرەی دەستنیشان کرد. شیاوی باسە بەگوێرەی کارنامەی بەرەی گۆڕان ئەندامانی دەستەی کارگێڕی هەر 4 مانگ جارێک یەکێک بۆ سەرۆکی بەرە دەستنیشان دەکات. ئەم بەرەیە وەک بەرەی ئۆپۆزیسیۆن لەباشووری کوردستان بڕیاری داوە لە چواچێوەی یاسادا کارو چالاکی خۆی درێژە پێبدات.